# حاجیلە

دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک

بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
**حاجی قادری کۆیی**

ئایار
٢٢
٢٠١٢



**لەم ژمارەیەدا**
**زیاترلە١٠٠بابەت**
**بخوێنەرەوە**

مرمرۆیەک لە نێوان ڕووپەرەکانی ئەم گۆوارە دانراوە، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە، ئێمە خەڵاتێکت دەکەین.

## بێچووی ئاژەڵان



لەشم بەتووکێکی کورت داپۆشراوە، ڕەنگێکی زەردباوم هەیە وەک زەردیی لمی بیابان. کە گەورە دەبم کلکم تووکێکی زۆری پێوە دەبێ.

دەزانن من کێم؟

من تووتکی سەگی «دینگۆ»م. ئێمە لە بیابانەکاندا دەژیین و، لەبەرئەوەی بیابان گەلێ گەرمە، بەڕۆژ دەنوین و بەشەو دەردەچینە دەرەوە.

ئا : زەریف







## دیفنباخیا

مەولود سابیر – پردێ



ئەم ڕووەکە جوانکارییە حەزی لە ڕۆشـــنایی زۆرە، بەڵام نابێ لەبەر تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاو دابنرێ. بۆ گەشـــەکردی پێویســـتی بە پلەی گەرمای نێوان ١٥ تا ٢٥ هەیە بەڵام نابـێ لە ژێر ١٥ پلە بێ. ئەم گوڵە حەزی لە تەڕاییە بۆیـە دەبـێ بـەردەوام خاکەکەی شێدار بێ. لە وەرزی گەرماشـدا پێویستە ڕۆژانە ئاوپرژێن بکرێ.

ئەم ڕووەکە کە پیر دەبـێ گەڵاکانی دەوەرن بۆیـە دەبـێ دوو لەسەر سێی ڕووەکەکە ببردرێتەوە تـا هانـی بدەیـن سەرلەرنوێ گەشە بکا.

## یوکـا

دیلان حوسێن – ئازادی



یەکێکە لە ڕووەکەکانی جوانکاری، پێویستی بە گەرمیی مامناوەندی هەیە،نابێ لە ١٥ پلەی سەتی کەمتر بێ. بــۆ ئاودانیش، وا باشە خاکی ژێر ڕووەکەکە تا ڕادەیەک شـێدار بێ و، پێش ئاودان کەمێک بەلای وشـکیدا بچێ. دەبێ لە مـاوەی دیاریکـراو و بەردەوامـدا ڕووەکە ئاوپرژێن بکرێ.

## دراسینا

سیپان عەزیز – هەولێر



ڕووەکـی دراسـینا چەنـد جۆرێکـی هەیـە. پێویسـتی بەڕووناکییەکـی زۆر هەیـە بەڵام نابـێ بدرێتە بەر تیشـکی ڕاسـتەوخۆی هەتاو. پێویسـتی بە گەرمـای مامناوەنـدی هەیە، بەمەرجێک لە ٨ پلەی سەتی کەمتر نەبێ. پێویسـتە ژێری بەردەوام شێدار بێ و نابێ وشک ببێتەوە.





## خوێندن بە کوردی

لۆڕزادە– چەمچەماڵ



من منالێکی کوردم
زۆر خنجیلانە و وردم
دەڕۆم بۆ قوتابخانە
چرای ڕێگای ژیانە
دەخوێنم بەزمانی خۆم
لە کەرکووکی شاری خۆم
نووسراوە بە کوردی
کە دارا دوو داری دی
هیچ بیرکردنەوەی ناوێ
فێر دەبم بەیەک تاوێ
هەزار سوپاس بۆ یەزدان
بوو بە کوردی خوێندنمان

## مەتەڵ

هەر کە ڕۆژ ئەبێتەوە
ئەو لێم جیا نابێتەوە
بێ هەستە و بێ چاو و گوێ
بۆ کوێ بچم ئەویش دێ
جارێ ئەکەوێتە دوام
جارێ پێش، جارێ ئەملام
جارێ بچووکە و گرگن
جارێ باڵای وەکو من
تا ڕۆژئاوا هاوەڵمە
وەکو برا لەگەڵمە
بە تاریکی دەڕەنجێ
زیز دەبێ تا خۆر هەڵدێ
مەتەڵمان چی پێ دەڵێن
دێ و دەچێ.. بێ گۆشتە و خوێن

عوسمان دەرویش شکور–کەرکووک

## یاری



بەرخێک لە ناو سەوزایی
دەشـــــتێکا بە تەنیایی
خـەریکی گیا خواردن بوو
بێدەنگ دەهـات و دەچوو
هێندەی زانی لـــە لاوە
کاریلەیەک وەســـــتاوە
دڵخۆشـــبوو بە دیداری
خێرا کـــــــەوتنە یاری

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی – سلێمانی

## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک



برایت bright

١- گـەش: بەو ڕەنگانــە دەگوترێ کە بەهێزن و بەئاسـانی دەبینرێن.

٢- ڕووناکیی بەهێز کە درەوشاوە بێ.

٣- کەسێک زوو شت وەربگرێ و تێی بگا، وریا.

برینگ bring

هێنان: شتێک هەڵبگری و بیهێنیتە ئێرەوە.

برووم broom

گسـک: جۆرە فڵچەیەکە بۆ پاککردنەوەی زەوی و ڕێڕەو بەکار دێ و، دەسکی درێژی هەیە.

برەش brush

فڵچە: لە دار یان پلاستیک دروست دەکـرێ و ژمارەیەکـی زۆر تاڵی باریکی پێوەیە. بۆ پرچ شـانە کردن، هەروەها بۆ بۆیە کردن بەکار دێ.

بەبڵ bubble

بڵـق: بریتییە لـە تۆپێکی بچووکـی ناو ئاو یـان کەفاو کە ناوەوەی پڕە لە هەوا.

بەکیت bucket

سەتڵ یان پەقرەج، شتی شلی تێ دەکرێ و پێی دەگوازرێتەوە.

## ناوی کورانەی نوێ

هاژە عەلادین - لەیلان

بەها : نرخ

برنۆ : بەڵگە

پۆڵو : سکڵ

دڵشێر : بوێر

ڕۆژاڤا : خۆرنشین

زێوار : پەراوێز

شا : پادشا

هارام : هێدی

هامار : دەشت

ژاکان : چرچ بوون

## چەند زمان لە دنیادا هەیە؟

تارا سەمەد - کەرکووک

ئایا دەزانی ٢٦٩٨ زمانـی جیاواز لـە دنیادا هەن و دانیشـتووانی کیشوەرە جیاوازەکان قسەیان پێ دەکەن، کە ٨٦٠ جۆریان زۆر باون و بەم شێوەیە بەسەر کیشوەرەکاندا دابەش بوونە:

٤٢٤ زمان لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکای باکور و باشوور

٤٨ زمان لە ئەوروپا

١٥٣ زمان لە ئاسیا

١١٨ زمان لە ئەفریقیا

١١٧ زمان لە ئوسترالیا

ئایا ئەوەش دەزانی کەوا «ماندارین» فرەوانترین زمانی سـەر ڕووی زەوییە و ٥٩٤ ملیۆن چینی قسـەی پێ دەکەن؟ هیندییە سوورەکانی ئەمەریـکاش بە ٢٠٠ زمانی جیاواز قسـە دەکـەن و تەنیا ٣ زمانیان ئەلـف و بێی تایبەتی خۆیان هەیە و دەنووسـرێنەوە، کە چیرۆکی و ئیزدیک و مایان، ئەوانی تر تەنیا قسەیان پێ دەکرێ و نانووسرێنەوە.





## جگەر خوێن

نارین داود - سۆران

جگەر خوێن ناوی تەواوی شـێخ موسـا حەسـەن محەمـەدە، لـە سـاڵی ١٩٠٢ لە گونـدی حەسـاری ڕۆژاوای (حەسەنکێف)ی باکوری کوردستان لەدایک بووە. هێشـتا منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە و لەگەڵ دایک و خوشـک و براکەی دەچن بۆ شاری عاموودا و. ساڵی ١٩١٧ دەست بە خوێندن دەکا و ساڵی ١٩٣٢ خوێندن تەواو دەکات، ماوەیەک مەلا بووە، ساڵی ١٩٨٤ لە ستۆکهۆڵم پایەتەختی سـوید کۆچـی دوایی کردووە، تەرمەکـەی هێنراوەتەوە بۆ شاری قامشلوو لە ڕۆژاوای کوردستان.





## مارتن هایدگەر

کامەران قادر - کەرکووک

مارتـن هایدگـەر فەیلەسـووفێکی ئەڵمانە لە (٢٦ی ئەیلوولی ١٨٨٩) لە باشـووری ئەڵمانیا لەدایک بووە و لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) مردووە. هایدگەر کاریگەریی بەسـەر گەلێک قوتابخانەی فەلسـەفی لە سـەدەی بیستەمدا هەبووە. گرینگترین بەرهەمەکانـی: بـوون و زەمـان، کوێرەڕێیـەکان، بەچـی دەگوترێ بیر، بیرۆکە بنەڕەتییەکانی میتافیزیـک، «بانگـی ڕاسـتی» لە ڕاسـتیی ئازادیـی مرۆڤایەتی، نیتشە.

## یورگن هابەرماس

عیماد نامیق - کەرکووک



یورگـن هابەرمـاس فەیلەسـووف و کۆمەڵناسـێکی هاوسـەردەمی ئەڵمانە. لە (١٨ی حوزەیرانی ١٩٢٩) لە دەسلدۆرف لەدایـک بـووە. دیارتریـن زانایانـی کۆمەڵناسی و سیاسەتی هاوسەردەمە. زیاتر لە ٥٠ بەرهەمی نووسراوی هەیە لە بوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا. یۆشـکا فیشـەری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، پێش ٥٠ ساڵ گوتی: هابەرماس تەنیا فەیلەسـووفێکە کە خۆی بەسەر گۆڕەپانـی سیاسـی و کولتووریـی ئەڵمانیادا وەک «فەیلەسووفی کۆماری نوێی ئەڵمان» سەپاند. لە ساڵی ١٩٩٣ هابەرماس، کە بەڕێوەبەری پەیمانگەی توێژینـەوەی کۆمەڵایەتی بوو لە فرانکفۆرت، خانەنشین کرا.



# ئاژەڵە خەمبارەکان

ئا: تاتیانا – عەرەفە




مام ســەرداری خاوەنی باخچەی ئاژەڵانی «زیگزاگ» سەردانی باخچەکەی کرد، تەماشا دەکا گەڵێ کز و بێدەنگە. وا دەردەکەوت ئاژەڵەکان لە جووڵە کەوتبن. لــە بەر خۆیەوە گوتی: «دەبێ چی قەومابێ!!»




شــێر هاتە جواب و گوتی: «من شای دارســتانم، کەی ڕەوایە لە زینداندا بژیم، کەچی ئاژەڵەکانی تر لە دارستاندا تریلان دەکەن!!»




فیل گوتی: «من لەناو کۆمەڵێکدا دەژیم، کە مێیینەیەک پێشڕەویی دەکا. بەڕاستی پەرۆشی ئازادی و هاوەڵانی خۆمم».






وڵاخی ڕووبار گوتی: «بیری دەریاچەی ناو دارســتانەکە دەکەم، کە گشــت ئاژەڵەکان بۆ ئاوخواردنەوە دەهاتنە ئەوێ و، سڵاویان لێم دەکرد».








پانــدا گوتی: «من حەزم لە یاریکردنە لە دارســتانی حەیزەراندا، لەوێ خواردنی خۆم بەدەستی خۆم پەیدا دەکەم».




تاک شـــاخ گوتی: «هەرچەندە من دەتوانم بە تەنیایی بژیم، بەڵام پێویستە بەئازادی بژیم».




پڵینگ گوتی: «خۆشــترین یــاری بەلای منەوە ئــەوەی خۆم بۆ نێچیرەکانم مەڵاس بدەم و، لەشــی خەتخەتم بۆ خۆشــاردنەوە یارمەتیم دەدا. بەڵام لێرە تەنیا و بێزارم، ئازادیم دەوێ».






بەور گوتی: «من خێراترین ئاژەڵم. پێویستە لە دارستانی فرەواندا ڕابکەم نەک لەم قەفەسەدا بەند بکرێم».




کەنگەر گوتی: «من بەیارمەتیی دوو پێی بەهێزی لای پشتەوەم و بەهاوکاریی کلکم، بازی درێژ دەدەم. لەو کاتەدا منداڵەکەشم دەخەمە ئەو کیفەی بەسکمەوەیە. کەچی لێرە بەردەوام دانیشتووم».




ئاسک گوتی: «من کێبەرکێ لەگەڵ پڵینگ و بەوردا دەکەم. لێرە بێزارم. ئازادیم دەوێ».






گۆریلا گوتی: «من گۆریلای نێرەم و سەرکردەی گرووپەکەمم، پێویستە لێرە بچمە دەرەوە چونکە گرووپەکەم پێویستی بە سەرکردایەتیی منە».






ورچ گوتی: «بیری ڕاوەماسی دەکەم، دەمەوێ بێچووەکانم فێری ماسیگرتن بکەم. من حەزم لە خواردنی ماسیی بازاڕ نییە».








مەیموون گوتی: «لە دارستاندا بەقیژەقیژ، پێوەندی بەهاوەڵانمەوە دەکەم. بەڵام لێرە هەر مۆز دەخۆم و لاساییی خەڵک دەکەمەوە. حەزم لێیە بچمەوە دارستان و ئەم دار و ئەو دار بکەم».






زەرافە گوتی: «من درێژترین ئاژەڵم. بە یەک هەنگاو شەش مەتر دەبڕم. ئەم قەفەسە زۆر تەنگە بۆ من. حەزم لێیە لە دارستاندا ڕێ بکەم».





مام سەردار، خۆی بەتاوانکار زانی، لەبەرەئەوەی گشت ئەم ئاژەڵانەی لە زیندان قایم کردووە، بۆیە ڕۆژێک لە ناکاو گشتیانی ئازاد کرد و، هەر یەکێکیانی بردەوە بۆ زێدی خۆی، بۆ دارستانی پان و بەرین.



# لە ئێوە پرسیار و لە ئێمەش وەڵام

زانیار عیسا – کەرکووک – ئەڵماس

هاوڕێی کۆوارەکەمان (هێرۆ عوسمان) قوتابیی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە کەرکووک، پرسیارێکی ئاراستەی (حاجیلە) کردووە و دەڵێ:

خەڵکانێک هەن هەڕەشەم لێ دەکەن؟ لەبەرامبەر ئەمانەدا چی بکەم؟

وەڵام: ئەم کێشەیە لە ناو قوتابییانی ناوەندی و دواناوەندی باوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاشەوە شێوازەکانی زۆر بوونە. چەندان کاریش هەیە دەتوانی بیانکەی بۆ ڕزگاربوون لە هەڕەشەی شەڕفرۆشان، لەوانە:

پێویستە یەکلاکەرەوە بی و ئاگەداریان بکەیتەوە کە تۆ ئەو کارانە قبووڵ ناکەی و، ئەگەر پێویستی کرد بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەیان لێ ئاگەدار بکەوە و شەرم مەکە. ژمارە تیلیفۆنی خۆت و ناونیشانی ئیمەیلت بڵاو مەکەوە و، هەر کەسێک داوای هاوڕێیەتیی لێت کرد لە فەیسبوک یەکسەر مەیکە هاوڕێت. بەردەوامیش لەم کێشانەدا دۆست و خزم و ماڵەوەت ئاگەدار بکەرەوە، چونکە دەتوانن پشتگیریت لێ بکەن.



# خەوی نیوەڕوان پێویستە بۆ تەندروستی

عیماد عەلی– کەرکووک

زانایان جەخت دەکەنەوە کە زۆر گرینگە مرۆڤ دوای نانی نیوەڕۆ، بۆ ماوەی ٢٠ تا ٤٠ خولەک بخەوێ.

ئەو زانایانە دەڵێن: کە ئەم خەوە پێویستە بۆ نوێکردنەوەی چالاکیی لەش و سڕینەوەی ئاسەواری ماندوویی و گرژی.

هەروەها زانراوە کە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی دنیا وەک ناپلیۆن بۆناپارت و جاک شیراک و وینستن چەرچل بەردەوام، ئەوەندەی پێیان کرابێ، نیوەڕوان سەرخەوێکیان شکاندووە.



# چوار ڤیتامینی بەسوود بۆ پرچت

کوێستان عەلی – ڕێدار

**بەشی یەکەم :**

پسپۆڕانی بواری پرچ ئامۆژگاریمان دەکەن گرینگی بەپرچمان بدەین و ڤیتامینە پێویستەکانی بۆ دابین بکەین، کە بریتین لە ڤیتامینەکانی (A، B Complex، E، ترشی فۆلیک)، لێرەدا بە ٤ بەش هەر جارە و باسی یەکێکیان دەکەین:

ڤیتامین A: هاوکارە بۆ پاراستنی پرچ لە فاکتەرە دەرەکییەکانی وەک پیسبوونی ژینگە، بەم پاراستنەش هەست بە بووژانەوەی پرچ دەکەین. هەروەها پرچ بەهێز دەکا و چڕیی زیاد دەکا و خێراتر گەشەی پێ دەکا و لە شکست دەیپارێزێ.



# ماسی پارێزگاری لە چالاکیی مێشک دەکا

خالید فازڵ – کەرکووک

توێژینەوەیەکی ئەمەریکایی ئاشکرای کرد، خواردنی ماسی بەشێوەیەکی بەردەوام، دژی هۆکانی لەبیرچوونەوەیە و چالاکیی مێشک و بیرکردنەوە بەهێز دەکا. توێژەران ئاشکرایان کرد، ماسی پێکهاتووە لە تێکەڵەیەکی نایاب لە ڤیتامین و پرۆتین و ترشی زەیتی لەوانە ئۆمێگا ٣ ئێس. توێژەران رایان گەیاند، ئەو کەسانەی لە خوێنیاندا ڕێژەی ترشی ئۆمێگا ٣ ئێس بەرزە، دەتوانن لە تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەدا سەربکەون، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕێژەی ترشی ئۆمێگایان لە خوێندا نزمە. توێژەرێکیش رای گەیاند، کەمبوونەوەی ترشی ئۆمێگا لە خوێندا دەبێتە هۆی بێهێزیی کردارەکانی مێشک و، لە هەندێ کاتدا دەبێتە هۆی لەبیرچوونی شتەکان.



# شوشتنەوەی هێلکە

شەیما عەزیز– کەرکووک، گەڕەکی عەسکەری

هەندێ جار خۆمان یان دایک و خوشکمان و تەنانەت چێشتخانەکانیش، لە کاتی ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن و پاراستنی خۆراکدا هەڵەی گەورە دەکەن. یەکێک لەو هەڵانە شوشتنەوەی هێلکەیە پێش کوڵاندنی، چونکە توێکڵی هێلکە کونۆچکەی زۆر وردی تێدایە و دوور نییە ئەو پیسیانەی لەسەر ڕووی دەرەوەی کەڵەکە بوونە، لەگەڵ پەنجە پێداهێنانیان بچنە ژوورەوە.

بۆ خاوێنکردنەوەی هێلکە، پێویستە پارچە پەڕۆیەکیچەورکراو بە زەیت بەکاربهێنین و بەئاسپایی توێکڵە هێلکە نەکوڵاوەکەی پێ خاوێن بکەینەوە، ئینجا بیکوڵێنین.

# گازگرتنی مێروولە سووری خوێن چالاک دەکات

ڕووبار غەریب– قەرەهەنجیر

لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا توێژەران دەریانخستووە، کەوا گازگرتنی مێروولە سووری خوێن چالاک دەکات و ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن زیاد دەکات. زیادبوونی ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی خوێنیش گوڕ و تین و هێز و توانا بە لەش دەبەخشێت.

هەروەها زانایان ئاماژەیان بەوە کردووە، کەوا گازی مێروولە خانە دەمارەکانی مێشک چالاک دەکات و ئاماژەکان لە شوێنی گازەکەوە دەگەیەنێتە خانە دەمارەکانی مێشک.

زانایان ئەوەشیان ڕوونکردووەتەوە، کە ئەو کەسانەی لە ماوەیەکی کورتدا چەند جارێک مێروولە گازیان لێ دەگرێ، بەرگریی پێستیان دژی بەکتریا زیاد دەکات.

## مەعدەنووس دەرمانێکی هەرزانە

ڕەوەند وشیار – کەرکووک



مەعدەنووس کۆگەی مادەیەکی دژەئۆکسیداندنی بەهێزە. دژ بە هەستیاری (حەساسیە) و هەوکردن و گرژبوونەوەیە.
هەروەها توێژینەوەکان پێشانیان داوە کە مەعدەنووس هاورێی کۆئەندامی هەرسە و مادەیەکی هێورکەرەوەی ئازاری پووک و ددانی تێدایە و ناودەم پاک دەکاتەوە. هەروەها پێست و پرچ و چاو بەگەشی دەپارێزێ. لەگەڵ گۆشت بیخۆی تووشی ئینتەلا نابی. ڕێژەی چەوری و پاڵەپەستۆی خوێنیش کەم دەکاتەوە.

## نەخوێندەواران زووتر پیر دەبن

فازڵ کامل – کەرکووک

توێژینەوەیەک پێشانی دەدا ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن یا خوێندەوارییان کەمە لە کەسانی خوێندەوار زووتر پیر دەبن.
لە توێژینەوەکەدا، ئەوە ئاشکرا بوو کە کەسانی نەخوێندەوار بەهۆی بەکارنەهێنانی باشی خانەکانی مێشکیان، زووتر پیر دەبن و ئەو کەسانەی زانکۆیان تەواو کردووە درەنگتر پیر دەبن.
زانایان دەڵێن کەسانی خوێندەوار خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەگونجێن و، نەخوێندەواران بەهۆی بە جگەرەکێشان، وەرزش نەکردن و خۆ نەپاراستن لە خواردنی خۆراک، ژیانی خۆیان لەناو دەبەن.
هەروەها دەڵێن خوێندەواری دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و لەو کاتەدا مرۆڤ کەمتر بیر لەوە دەکاتەوە زیان بە خۆی بگەیەنێ.



## ماسییەک ڕەگەزی خۆی دەگۆڕێ



مەریوان ستار – دووبز

لە ساڵی ١٩٩٥ زانایانی ئەمەریکا و یابان لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشیان لەسەر جۆرە ماسییەک ئەنجام دا و بۆیان دەرکەوت، کەوا جۆرە ماسییەکی بچووکی کەنارەکانی شاری ئۆکیناوای یابانی، بەپێی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتیی، دەتوانێ ڕەگەزی نێرینەی خۆی بگۆڕێت و خۆی بکاتە مێینە و هەڵسوکەوتی سروشتیی ماسییەکی مێینە بکات.
هەروەها بەپێچەوانەشەوە دەتوانێ لە ماسییەکی مێینەوە ببێتە نێرینە و هەموو کار و چالاکییەکانی ماسییەکی نێرینە ئەنجام بدا.
زانایان ئەوەشیان ڕوونکردووەتەوە کەوا نێرەی ئەم جۆرە ماسییانە هەندێ جار لە ترسی نێرەیەکی لەخۆیان گەورەتر، خۆیان دەکەنە مێینە و وەکو ماسییەکی مێ هەڵسوکەوت دەکەن. هەندێ جاریش لە ڕەوە ماسییەکدا نێرەی تێدا نابێ و بەناچاری گەورەترین ماسیی مێینە خۆی دەکاتە نێرەیان.





## بۆچی تایتانیک تێکشکا؟

شادمان ماهیر – دووبز

هەتاکو تێپەڕ بوونی نیو سەدەی دوای تێکشکان و نقوم بوونی کەشتیی تایتانیک، هۆکارەکانی ڕووداوەکە نەزانرا بوو، بەڵام پاش دۆزینەوەی پاشماوەکانی کەشتییەکە و پشکنین و زنجیرەیەک تاقیکردنەوە، دەرکەوت، کەوا ئەو ئاسنەی کەشتییەکەی لێ دروستکرا بوو، ئاسنێکی پوخت نەبووە و ڕێژەیەک لە توخمی گۆگردی تێدابووە، بۆیە ئاوا بەئاسانی کەشتییەکە لە ناوەڕاستەوە بووەتە دوو کوت. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان دەرخستووە، کەوا گەر بهاتبا و تایتانیک لە پۆڵا دروست کرابا، چارەنووسی بەم ڕۆژە ڕەشە نەدەگەیشت.
تایتانیک لە ساڵی ١٩١٢دا دروستکراوە و تەنیا پێنج ڕۆژ دوای دەستپێکردنی گەشتەکەی، تێکشکا و نقوم بوو. بەشێوازێک دروست کرابوو، کە بەرگەی نقوم بوون بگرێ و لە توانایدا بوو تاکو سێ ڕۆژ لەسەر ڕووی ئاودا بمێنێتەوە و نقوم نەبێ، کەچی نقووم بوو و ٢٢٢٣ کەسی لەگەڵ خۆیدا خنکاند.



## تواناکانی هەنگ

شیرین حوسێن– شۆڕاو

ئایا دەزانی هەنگ بۆ پڕکردنەوەی خانەیەک لە شانەکانی پێویستی بەبڕینی ٣٠ ملیۆن کیلۆمەتر هەیە؟ بۆ بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ هەنگوینیش پێویستە ٣٠٠ هەنگ، ٤٠ هەزار جار لە شانەکانیان بێنە دەرەوە و گەشت بەناو گوڵزاردا بکەن و بگەڕێنەوە شانەکانیان.
ئەوەش بزانە کەوا کۆی ئەو هەنگوینەی لە ڕۆژێکدا هەنگی شانەیەک کۆی دەکاتەوە تەنیا ١٠ گرامە و بۆ کۆکردنەوەی ئەم ١٠ گرامە پێویستە شیلەی ٥٠٠- ١١٠٠ گوڵ هەڵمژێت.



## پیسبوونی ژینگە و تەنگەنەفەسی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە دوایین ڕاپۆرتی پزیشکیی خۆیدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە پیسبوونی هەوا و تۆز و خۆڵ، دەبێتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی توشبوون بە نەخۆشیی ڕەبو (تەنگەنەفەسی) بەتایبەتی لە منداڵاندا چونکە لەش و سیستمی بەرگریی منداڵان لاوازتر و بێهێزترە لە هی مرۆڤی پێگەیشتوو. بۆیە هەمان ڕێکخراو ئامۆژگاریی دایک و باوکان دەکات، کە منداڵەکانیان لە کاتی خۆڵبارین و کەش و هەوای نالەباردا بەباشی چاودێری بکەن.

ئەژی عومەر – هەولێر



ئاناس شیروان



ئاشتی شیروان



یاد چاپک



دیانا نیاز



نیا ئەحمەد

## ٩ مافەکانتان

ناز نەبەز – ڕەحیماوە

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی
ساڵی ١٩٥٩دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی بڵاوکردەوە و زۆربەی وڵاتانی دنیا دانیان
بە ناوەڕۆکی برگە و مادەکانیدا ناوە و عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە.
«حاجیلە» بۆ ئاشناکردنی ئێوەی ئازیز بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەر ژمارەیەکدا ٣ مادەی ئەم ڕێککەوتننامەیەتان بۆ بڵاو دەکاتەوە. تا بە ئاگا بن لە پێشێلکردنی مافەکانتان لە سنووری خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا.

**مادەی ٢٢:**

ئەگەر دایک و باوکی لەگەڵدا بێ یان بەتەنیا بێت، منداڵ مافی پەناهەندەیی و دابینکردنی مافە مرۆییەکانی هەیە لە وڵاتانی تردا.

**مادەی ٢٣:**

پێویستە دەوڵەت هەموو بنەماکانی ژیانێکی شایستە بۆ منداڵانی کەمئەندام لە هۆش و جەستەدا دەستەبەر بکا و چاودێرییەکی تایبەتیان بۆ دابین بکا و هەلی تێکەڵاوییان لەگەڵ منداڵانی تردا مسۆگەر بکا.

**مادەی ٢٤:**

پێویستە دەوڵەت بە هەموو توانایەکی هەوڵ بدات، باشترین و پێشکەوتووترین چاودێریی تەندروستی بۆ منداڵ دابین بکا، و کار بکات لە پێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان و قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکان و نەهێشتنی بەدخۆراکی.





## کێ بەیەکەمین زانا دادەنرێت؟

کاوه هادی– زێویه

زۆربەی فەیلەسووفەکانی دنیا کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا یەکەمین زانا «تالیس» بووە، کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاین لە شاری میلیتیۆسدا ژیاوە.

ئەو زانایە یەکەمین کەس بوو بەهۆی گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر و سێبەرەکانیانەوە بەرزیی ئەهرامەکانی میسری پێوا، ئەمەش هەمان ئەو ڕێگەیەیە کە تاکو ئێستا فەلەکناسان پێڕەوی دەکەن و توانیویانە بەهۆیەوە بەرزیی شاخەکانی سەر ڕووی مانگ دیاری بکەن.



## مۆبایل

ئارەزوو جەلال – رانیه

مارتن لۆتەر بە داهێنەری ئامێری تەلەفۆنی دەستی ( مۆبایل ) دادەنرێت، کە ئەودەم وەک توێژەرێک لە کۆمپانیای مۆتۆرولا کاری کردووە، مارتن دەڵێت ساڵی ١٩٧٣ بوو یەکەمجار کە بە مۆبایلەکەم لەگەڵ رادیۆی نیویۆرک قسەم دەکرد کە بە یەکێک لە شەقامەکاندا دەپەڕیمەوە هەموو خەڵکی سەیریان دەکردم.

وشەی مۆبایل لە ناوی شاری مۆبایلی ویلایەتی ئەلبامای خوارووی ئەمەریکاوە هاتووە کە یەکێکە لە شارە دێرینەکان و مەڵبەندی رۆشنبیری و فیکریە.

## سایتی یاری

## جیهانی ئینتەرنێت

ماردین – سلێمانی



www.dailyfreegames.com



www.gamegape.com



www.maxgames.com





# پێبکەنە تا جوانتربیت

ترێ فەرهاد – کەرکوک

## شێت

شێتی یەکەم بە شێتی دووەم دەڵێت :
تێنوومە دەچم ئاو دەخۆمەوە .
شێتی دووەم : منیش تێنوومە لە جیاتی منیش ئاو بخۆوە .
دوای کەمێک شێتی یەکەم بە پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە ، شێتی دووەم دەڵێت : بە چی پێدەکەنی .؟
شێتی یەکەم : لە جیاتی تۆ ئاوی پیسم خواردەوە ، بۆ خۆشم ئاوی پاکم خواردەوە ..!!

## خێر و بەرەکەت

پیاوێک یەک ملیۆن دۆلار دەباتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ بە ژنەکەی دەڵێت... ئەویش لە خۆشییا جەڵدە لێی دەدات و دەمرێت. پیاوەکەش دەڵێت: سوبحانەڵڵا ، خێر و بەرەکەت بە یەکجاری رووی تێکردووم.

## شەربەت

رۆژێک سێ پیاو دەچن شەربەت بخۆنەوە، پیاوی یەکەم دەڵێت شەربەتی پرتەقاڵم بۆ بێنە با کەرتێک لە پرتەقاڵەکە لەسەر پەرداخەکە بێت، پیاوی دووەم دەڵێت بۆمن شەربەتی مۆز بێنە با کەرتێک مۆز لەسەر پەرداخەکە بێت، پیاوی سێیەم دەڵێت بۆ من شیر بێنە با مانگاکە لەسەر پەرداخەکە بێت.

## جوانترین توانج

بەهرۆز سەلام – سلێمانی









# تیپی سەمای کۆریایی

دیمانە: مهاباد وریا – کەرکووک

کچانی قوتابخانەی ناوەندیی «باخان»ی کچان لە کەرکووک، تیپێکی خنجیلانەی سەمای کۆرياييان دامەزراندووە و دوای یەکەمین نمایش «حاجیلە» دیمانەیەکی لەگەڵ سەرۆکی تیپەکە ئەنجام دا و لە وەڵامی پرسیارەکاندا گوتی: ئێمە لە ٣١ی تشرینی دووەمی ٢٠١١دا بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم تیپەمان بەبیردا هات و هەردوو مامۆستای وەرزش و هونەر هاوکاریان کردین.

هەروەها گوتی: ڕاڤا عەبدولوەهاب، سۆما عادل، کازیوە جەواد، سوندس ئازاد، لاڤین یاسین، فرمێسک قادر، تاراڤ عومەر و دیێنێ سامان ئەندامانی ئەم تیپەن و ناوی تیپەکەمان ناوە supper girls و ئەم سەمایەی ئەمڕۆمان یەکەمین نمایشە.

چالاکییەکەی ئەم تیپە سەرنجی ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەی راکێشا و بووە مایەی سەرسامییان و بەچەپڵەڕێزان پێشوازی کران.

سەرۆکی تیپەکە ئەوەشی روونکردەوە، کەوا تیپەکە سەمای کۆریایی دەکات و سەماکانیان لە کەناڵی ئاسمانیی کۆریاوە بینیوە و مەشقیان لەسەر کردووە. سەماکانیش هەم وەرزش و هەمیش هونەرن.

لە دوا وتەدا گوتی: ئێمە تەنیا لە قوتابخانە و چالاکییەکانی پەروەردەدا دەتوانین ئەم نمایشانە بکەین، چونکە هێشتا شەرم دەکەین و ڕەنگە کۆمەڵگەش ئەم شێوازە نوێیە بەئاسانی پێ قبووڵ نەبێ و پێمان دەڵێن: بۆچی تیپی هەڵپەرکێی کوردی دانامەزرێنن، هەقتان بەسەمای کۆرياييیەوە چییە؟!



# شەپۆل حەبیب... دەمەوێ لە ئێستاوە مەشق لەسەر نۆژداری بکەم

دیمانە: سەروین قاسم – کەرکووک

لە پێشانگەیەکی زانستیی قوتابخانەکانی کەرکووکدا، شەپۆل حەبیب یەکێک بوو لە بەشداربووان و بۆقێکی زیندووی بەدەستەوە بوو «حاجیلە» لە دیمانەیەکی کورتدا ئەم پرسیارانەی ئاراستە کرد:

× بە چ چالاکییەک بەشداریت لەم پێشانگەیە کردووە؟

– بە توێکاریی بۆق؟

× هەنگاوەکانی ئەنجامدانی چالاکییەکەتمان بۆ روون بکەوە.

– سەرەتا بۆقێکی زیندوو دەگرم، ئینجا هەر چوار پەلی بەدەرزی لە پارچە فلینێک قایم دەکەم، پاشان دەرزییەکی بەنجی لێ دەدەم تا سڕ بێ. بەبرەرێکی تایبەت لە ژێر چەناگەیەوە تا دامەنی دەبڕم. پاش ئەوەی ناوسکی دەکەمەوە و دڵ و ریخۆڵە و سییەکانی دەبینم، دەست دەکەمە دوورینەوەی. دوای ٧– ١٠ خولەک بۆقەکە دێتەوە هۆش خۆی و ئازادی دەکەم.

• چ سوودێک لەم توێکارییە وەردەگری؟

– حەز دەکەم ئەوەی لە کتێبی زیندەوەرزانی نووسراوە و ئەوانەی مامۆستا باسی دەکات، بەچاوی خۆم بیانبینم.

• تاکو ئێستا توێکاریت تەنیا بۆ بۆق کردووە؟

– بەڵێ، بەڵام بەنیازم لەگەڵ فاتیمە حەیدەری هاوڕێم ئەمجارە توێکاری بۆ کەروێشکێک بکەین.

شەپۆل لەبەرچاوی میوانەکان زۆر بەلێهاتووی چالاکییەکەی ئەنجام دا و دەیگوت حەز دەکەم لە داوڕۆژدا ببم بەنۆژدار و نەخۆشەکان چارەسەر بکەم.

# گڕکانەکانی زوهرە

گزنگ - کەرکووک



هەسارەی زوهرە کە دوای عوتارد دێت لە رووی نێزیکیی لە خۆرەوە، نێزیکترین هەسارەشە لە زەوی. ئاسمانی زوهرە زەردێکی نیمچە قاوەییە، چونکە هەورێکی چڕ دەوری داوە و ئەو گەرمییە لە خۆرەوە پێی دەگات، هەمووی قەتیس دەمێنێ و هەسارەکە زۆر گەرم دەکات.

گڕکانی زۆر زۆر گەورە لەسەر رووی زوهرەدا هەن، کە بەرزیی هێندێکیان لە بەرزترین چیای سەر زەوی بەرزترن، و بەرزترینیان پێی دەگوترێت چیای پەرژین، کە بەرزییەکەی لە ٩ کیلۆمەتر زیاترە.

زۆر جار هەموو گڕکانەکانی زوهرە لە یەک کاتدا هەڵدەچن و پریشکە هەڵچووەکان سەر رووی هەسارەکە دادەپۆشن.

کەشی زوهرە پڕیەتی لە ترشێکی کوشندە، و زوو زوو هەورە تریشقە ئاسمانی هەسارەکە رۆشن دەکاتەوە.

زۆر کەرەت زانایان هەوڵیان داوە کەشتییە ئاسمانییەکان رەوانەی سەر ئەم هەسارەیە بکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بەفیڕۆچووە، چونکە گەرمی و ئەو ترشە کوشندەیە کەشتییەکانیان تێکشکاندووە.

## ناوی موگناتیس لە چییەوە هاتووە؟

مەریوان سەعد- کەرکووک - ڕەحیماوا



ئەو کانزایەی توانای کێشکردنی دەرزی و بزمار و وردە ئاسنی هەیە، پێیدەگوترێت «موگناتیس» کە جۆری سروشتی و جۆری دەستکردیان هەیە. سروشتییەکانیان لە سروشتدا وەکو هەر کانزایەکی تر هەن، دەستکردەکانیش یان بەکارەبا یان بەکارتێکردن، یانیش بەلێخشاندن لەو کانزایانەی توانای بەموگناتیسبوونیان هەیە، دروست دەکرێن.

موگناتیس پێش زاین هەر هەبووە و شاعیرێکی یۆنانیی کۆن لە هۆنراوەیەکیدا ناوی موگناتیسی هێناوە. لەبەرئەوەی موگناتیس لە ناوچەی «ماگنیسیا»ی هەرێمی لیدیا، کە هەرێمێکی کۆنی ئاسیای بچووکە، بەرێژەیەکی زۆر دۆزراوەتەوە، ناوی هەرێمەکەی پێ بەخشراوە.





# هۆپ

بەهرە جەبار - سلێمانی









هۆپ ، چیرۆکی ( ئیبی ) کەروێشی جەژنی بەهارە ، ئەو کەروێشکەی ( فرێد )ی ،پێنج سالان لە باخچەکەیان بەدیی کرد و کە گەورە بوو ، ئەو رووداوەی بیرئەچێتەوە . بەڵام چیرۆکی فلیمەکە هەر ئەوەندە نییە . ئیبی توشی کێشەی زۆر دەبێت لە پێناو بەدیهێنانی تاکە ئارەزووی کە تەپڵ لێدانە ، بەڵام لە کاتی ئامادەبوونی بۆ گەورەترین تاقیکردنەوە لە بەناوبانگترین بەرنامەدا ، پەشیمان دەبێتەوە !؟

بەرهەمی ساڵی ٢٠١١
داهات : ١١٢ ملیۆن دۆلار
دەرهێانی : تیم هێڵ
نواندنی دەنگەکان : جیمس مارسیدن ، کیکی کوکو
نووسین : کین دوریۆ ، بریان لیتش

## باربی... ناسراوترین بوکەڵە

تارا لەتیف- کەرکووک
نیمام قاسم



باربی بەناسراوترین بوکەڵە دادەنرێ لە دنیا، کە بۆ یەکەمین جار لە ٩ی ئاداری ١٩٥٩دا لەلایەن نەخشەسازێکی ئەمەریکایی بەناوی رات هاندلەر دروست کراوە.

باربی رووخسارێکی منداڵانەی ئێسک سووکی هەیە، جارێک بەقژێکی درێژ و خاو، جارێکی تر بەقژێکی کورت، بەڵام لە هیچ جارێکدا هەمان جلی لەبەردا نەبوو و هەر جارەو بەمۆدێل و ستایلێکی نوێوە خۆی نمایش کردووە.

باربی لەدوای بوکەڵەیەکی بەناوبانگی ترەوە دروست کراوە، کە ئەستێرەیەکی سینەمایی بوو بەناوی شیرلی تمبڵ، و ساڵانە ملیۆنان دانەی لێ دەفرۆشرێت.

ناز کەریم – تەکیە




**هەنگاوی یەکەم** : سێ تەنی جیاواز لە یەک ئاستدا لە ناو سینییەکدا ڕیز بکە. ئەو لایەی تەنەکانت لێ ڕیزکردوون، بەرزبکەرەوە و کتێبێکی لە ژێر دانێ.

**هەنگاوی دووەم** : پارچە پەڕۆیەک بخەرە سەر سینییەکە و هەمان هەنگاوی یەکەم دووبارە بکەرەوە.

**هەنگاوی سێیەم** : بەرەبەرە کتێبەکانی ژێر سینییەکە زیاتر بکە. ئایا تەنەکان لە هەمان بەرزیدا دەخلیسکێن؟ خێرایی خلیسکانەکان هەمان خێراییە؟.

چی فێربووی؟

ڕووە زبرەکان بە هێزێکی لێخشاندنی گەورەتر لە ڕووە لووسە سافەکان کار دەکەنە سەر تەنەکان. لەم تاقیکردنەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە کاتێک سینییەکە پەڕۆی لەسەر دانەنرابوو، تەنەکان لە بەرزییەکی کەمتر دەخلیسکان، چونکە هێزی لێخشاندنی نێوان تەنەکان و ڕووە سافەکەی سینییەکە کەمترە وەک لە باری دووەم. کێشی تەنەکانیش کاردەکەنە سەر خێرایی خلیسکانیان.

## ماڵداری

ئاشتی عەبدوڵڵا – کەرکووک

- بۆ پاککردنەوەی مایکرۆوەیڤ، قاپێکی پڕ لە ئاو بێنە و دوو قاژە لیمۆی تێکە، ئینجا بیخەرە ناو مایکرۆوەیڤەکە و بۆ ماوەی کەمتر لە پێنج خولەک مایکرۆوەیڤەکە داگیرسێنە. دەبینی هەموو ئەو شتانەی بە لاکانییەوە وشکبوونەتەوە، دەتوێنەوە.
- بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی ساردکەرە، هەندێک قاوەی هاڕدراو بکەرە ناو ژێر پیاڵەیەکەوە و لە بەشی سەرەوەی بن فریزەرەکەی دانێ.

## حەوت جاران بەبێ وەستان بیلێرەوە

شاهۆ شەش کەللە شەکری شامی شکاند

ئەیوب عەلی – کەرکووک





# پەپوولە و خۆشەویستی گوڵ



فوئاد محەمەد ئەمین – سلێمانی

پەپوولەیەک لەناو باخچەیەکی فراوانی پڕ لە گوڵی جۆراوجۆردا بە باڵە ناسک و ڕەنگینەکانییەوە، هەر باڵەفڕەی بوو، بەسەر گوڵەکاندا هەر دەهات و دەچوو، بەڵام لەسەر هیچ گوڵێک ئارامی نەدەگرت و نەدەنیشتەوە، دەگەڕا و هەر دەگەڕا تا لە دوورەوە گوڵێکی سووری گەشی جوانی بینی.. ئیتر لە خۆشییاندا ئۆقرەی لێبڕا و تاوی دایە باڵەکانی و بەرەولای چوو، کاتێ گوڵەکە کە زانی ئەو پەپوولە باڵ نەخشینە زۆر شەیدا و هۆگرێتی وادیارە زۆریشی خۆشدەوێت.. خێرا دەستی بەدوانی کرد.

– ها پەپوولەی باڵ نەخشین ئەوە چیتە وا بەشەوق و چێژەوە دەسووڕێتەوە.. وا هەست دەکەم ئەم باڵەفڕین و عەوداڵییەت بۆلای منە..!!

پەپوولەکە کە گوێی لەو دەنگە خۆش و پڕ لە سۆز و میهرەبانییە بوو ئەوەندەی تر جۆش و خرۆشی کەوتە ناخی دڵییەوە، بۆیە زیاتر باڵەکانی دەشکانەوە و جوڵە و شنەشنی بەدەم باوە پێدەکردن و سەری بۆ لەقاند و وتی:

– ئاخر گوڵی جوان.. ئەی نازانی من لەناو ئەم باخچە فراوانە لەناو ئەم هەموو گوڵانە، تۆم هەڵبژاردووە.. تۆم خۆشدەوێت و تۆم بەدڵە...

گوڵەکەش بە نازێک و دڵنەوایی و ڕێز لێگرتنەوە وتی:

– بەڕاست پەپوولەی نازدار...

ئینجا دیسانەوە وتی: ئەی بۆ نازانی کە دەمێکە وێڵ و سەرگەردانم.. عەشقی گوڵێکی وەکو تۆی جوانم.

گوڵە شەرم گرتی و کەمێ لار و لەنجەی بۆ کردو بەدەم هەڵکردنی بای شەماڵەوە تریقایەوە لەگەڵ تیشکی خۆرەکەدا ڕەنگی دایەوە بە دڵخۆشیەوە، بە قریوە و خەندە و پێکەنینەوە وتی:

– ئەی چۆن پەپوولەی دڵدار و ئەویندار، خاوەن هەستی پاک چۆن نازانم، ئاخر منیش بۆیە هاوارم لێکردی و باوەشم بۆ کردیتەوە...

پەپوولەکە دەنگی بەرز کردەوە:

– دەسا وەرە ئامێزم، ئەی پەپوولە ڕۆح سووکەکە، بزانم چیت دەوێت؟!.

پەپوولەکە بەتاسەوە وتی: ئای گوڵە گیان، چۆن نازانی چیم دەوێ! هاتووم تێر تێر شیلەی ناخت هەڵمژم.. هاتووم تێر تێر بۆنت بکەم و لە ئامێزتدا ساتێک ئارامی و کاتێکی خۆش پێکەوە بین، ژیان لە خۆشەویستیتدا بەرینە سەر..

گوڵەکە شاگەشکە بوو.. گەش گەش بووەوە، لە خۆشیاندا باوەشی گەرمی بۆ کردەوە.. پێی وت:

– ئادەی وەرە ناو دڵمەوە وەرە لە خەم ناسکتر و جوانتر لە خۆم نەرم و نیانتر، کێ لەتۆ زیاتر ناسکترە و دڵبەرە.. ئاوا حەز و هۆگری منە..

پەپوولەکە بە ئارامییەوە لە گوڵەکە نزیک بووەوە و هێدی هێدی.. باڵەکانی شۆڕ کردەوە بەسەریەوە نیشتەوە و بە پەرۆشەوە دەمی خستە ناو پەڕە ناسک و نەرم و بۆندارەکانییەوە کەوتە هەڵمژینی بۆن و بەرامەی و شیلەی هەناوی تام دەکردو.. دەیمژی و جاروبارەش بە ماچی گەرم –خێرا خێرا هەناسەی پڕ لە خۆشەویستی دەبەخشی و دەیپرژانە ناو دڵ و هەناوییەوە.. تابلۆیەکی جوانی لە عەشق و خۆشەویستی دەنەخشاند.

# جوگرافیای ولاتان

٢٢

## ئۆزبەکستان






رۆشنا کەرکووکی - کەرکووک

ناوی وڵات: کۆماری ئۆزبەکستان

پێگەی جوگرافیایی: ئۆزبەکستان دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا، سنووری باکور و باکوری رۆژئـاوای کازاخستـانە، تورکمانستـان دەکەوێتە رۆژئاوا و باشـووری رۆژئاوای، ئەفغانستانیش سنووری باشووری پێکدێنێ، لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی تاجیکستـانە، قیرغیزستان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی.

رووبـەر: ٤٤٧ هـەزار و ٤٠٠ کیلۆمەتـری دووجا.

ژمارەی دانیشتووان: ٢٥ ملیۆن و ١٠٠ هەزار کەس.

چڕیـی دانیشـتووان: ٥٦،١کـەس لـە کیلۆمەترێکی دووجا.

پێکهاتـەی ئاینـی: ٨٠٪ موسـڵمان، ٢٠٪ ئەوانی تر.

پایتەخت: تاشـکەند (٢ ملیۆن و ٢٨٢ هەزار کەسی تێدا دەژی).

گرینگترین شارەکانی: سەمەرقەند، بوخارا، فەرگانە، ئەندیجان.

جۆری حوکم: کۆماری.

دراو: سووم.

زمان: ئۆزبەکی.

گرینگتریـن هەناردەکانـی: بەربوومـی چنـراو، لۆکـە، زێـڕ، گازی سروشتی.

گرینگتریـن هاوردەکانـی: ئامێـری جۆراوجـۆر، هۆکارەکانـی گواسـتنەوە، خۆراک.

کات: گرینیچ+ ٥

مێـژووی بەئەندامبـوون لـە نەتـەوە یەکگرتووەکان: ١٩٩٢.

ڕیزبەندییەکانی لە جیهان:

پێنجەم لە بەرهەمهێنانی لۆکە

هەشتەم لە بەرهەمهێنانی زێڕ

نۆیەم لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی.









# وەرزش

## بلیارد

هەمزە شەریف - دووبز



بلیـارد بریتییە لــە ژمارەیەک یاری کە تیایاندا بــە دار لە تۆپەکان دەدرێ بـۆ جووڵاندنەوەیان. هەریەک لە فەرەنســەیی و ئینگلیز و ئەڵمان خۆیان بە خاوەنی ئەم وەرزشە دادەنێن.

تۆپەکانی بلیارد یەکێکیان سپییە و ئەوانەی تر لە ژمارە ١ تا ١٥یان لەسەر نووسراوە. ئەمانجی یارییەکەش بریتییە لەوەی یاریچییەک تۆپەکانی ژمارە ١ تا ٧ بخاتە شـوێنی دیاریکراو و، یاریچییەکەی تر لە ژمارە ٩ تا ١٥ دەخاتە چاڵەکانەوە و ئەوەی پێشتر ئەمە بکا تۆپی ژمارە ٨ دەخاتە چاڵێکەوە و دەیباتەوە.

## ماراسۆن

حەمید کەریم - ڕانیە



ماراسـۆن لــە تاقیکردنەوەی وەرزشـوانانە هێز وخۆڕاگریی، بریتییە لە ڕاکردنی ٤٢١٩٥ مەتر و، لە ١٨٩٦ەوە بەشـێکە لە یارییە ئۆلۆمپییەکانی پیاوان و لە ١٩٨٤ دا بووە یەکێک لە یارییە ئۆلۆمپییەکانی ئافرەتان.

لە سـاڵی ٤٩٠ پێش زاین، شـەڕی ماراسـۆن لە نێوان گریـک و فارسـدا لە ناوچەی ماراسـۆنی یۆنان هەڵگیرسـا. پاش سـەرکەوتنی گریکەکان، شەرکەرێکیان ماوەی ٤٠ کیلۆمەتر لە ماراسۆنەوە بۆ ئەتینا ڕای کرد بۆ ئەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکە بەخەڵکـی ئەتینـا بگەیەنـێ، پـاش ئەوەشـی کە هەواڵەکەی گەیانـد لەبەر ماندوویی مرد. بۆیە ئەم کێبەرکێیە بەناوی ئەو ڕووداوەوە ناو نرا.

یەکەم کێبەرکێی ماراسۆنیش ساڵی ١٨٩٦ لە یۆنان کرا. لە پردی گوندی ماراسۆنەوە بۆ ئەتینا.

# قامکە ناسکەکان پشکداریی لە پێشانگەی هونەری دەکەن

**بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی لە کەرکووک پێشانگەیەکی هونەریی بۆ منداڵان کردەوە «حاجیلە» چاوی بەچەند قوتابییەک کەوت و ئەم ڕیپۆرتاجەی ئامادە کرد:**

سارە سەلیم – کەرکووک



**شادان ئەحمەد**، پۆلی سێی سەرەتاییە لە قوتابخانەی تابان بەتابلۆیەک بەشداریی لە پێشانگەکە کردووە و ناوی تابلۆکەی «نەورۆز»ە. کۆمەڵێک منداڵی ژیکەڵە ئاگری نەورۆزیان کردووەتەوە و شاییان لە دەوری ئاگرەکە دابەستووە. شادان حەز دەکات تابلۆکانی بەپاستیل بڕەنگێنێ و دەڵێ پێویستم بەهاوکاریی کەس نییە، تەنیا مامۆستای هونەر ڕێنماییم دەکات.



**گلێنە ناسر**، پۆلی چواری سەرەتاییە لە قوتابخانەی برادۆست، بەتابلۆی «ئاڵای کوردستان» بەشدار بوو، ئەو دەیگوت زیاتر حەزم لە وێنەکێشانی گوڵ و پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگە، بۆ ڕەنگاندنی تابلۆکان قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی دار بەکاردێنێ.



**عەلی حوسێن**، شەشی سەرەتاییە لە قوتابخانەی هندرێن، بەتابلۆیەک بەشداریی پێشانگەکەی کردووە، کە دیمەنی سەیرانێکی بەهاری کوردستانە. تابلۆکەشی بەقەڵەمی دار ڕەنگاندبوو. دەیگوت، خوشکەکانی لەخۆم گەورەتر هاوکاریم دەکەن.



**سارا فەهمی**، پۆلی شەشی سەرەتاییە لە قوتابخانەی برادۆست، بەدیمەنێکی سرووشتی کوردستان بەشدار بوو. سارا دەڵێ: هەر کە خوێندنم تەواو کرد، دەست دەکەم بەوێنەکێشان و بیرۆکەی تابلۆکانم هی خۆمن و لە کەسی وەرناگرم.



**محەمەد عەلی**، پۆلی چواری سەرەتاییە لە قوتابخانەی کوردی، بەتابلۆی «پاکوخاوێنی» بەشداریی لە پێشانگەکە کردبوو، کە بەماجیک ڕەنگاندبووی. برایەکی لەخۆی گەورەتری هەیە و هەموو جارێ هاوکاریی دەکات.



**محەمەد سەلمان**، پۆلی پێنجی سەرەتاییە لە قوتابخانەی فریشتە، بەتابلۆی «برایەتی» بەشداریی پێشانگەکەی کردووە، کە هەموو نەتەوەکانی کەرکووک بەجلوبەرگی میللی خۆیان دەستیان گرتووە و شایی دەکەن.





## ژووژک

فەرهاد ڕەشید – چەمچەماڵ



ئاژەڵێکی شیردەری بچووکە، گیانی لەلای پشتەوە بەدرک داپۆشراوە، بەهاوین چالاکە و زستان مت دەبێ. خۆراکی ئەم ئاژەڵە بریتییە لە مێروو و کرم و خشۆکەکان و مشکی بچووک و هێلکەی ئەو باڵدارانەی لەسەر زەوی هێلانە دەکەن هەروەها بەری ڕووەکیش دەخوا.
ژووژک هەر کە هەستی بە مەترسی کرد خۆی گرمۆڵە دەکا و دەبێتە تۆپێک لە درک. بەم شێوەیەش شەری مار دەکا. ئەو شەوانەی مانگەشەون چالاک دەبێ و بەدوای خۆراکدا دەگەڕێ.
مێیەی ژووژک لە ١ تا ٤ بەچکەی بەجارێک دەبێ، پاش سکپڕییەک بۆ ماوەی نێزیکی ٤٠ ڕۆژ. بێچووەکان لەکاتی لەدایکبوون ڕووتن و پاش هەفتەیەک چاویان دەکرێتەوە و پاش ٣ هەفتە دەتوانن خۆراک بخۆن.

## ڕیشۆڵە

شانۆ عەباس – چەمچەماڵ



ڕیشۆڵە لە ئەورووپا و ئاسیا و ئەفریقاشدا هەیە. هەروەها لە هەندێک ناوچەی ئەوپەری ڕۆژهەڵات و ئوستورالیاش، ئەم باڵندەیە پێیەکانی بەهێزن بۆیە دەتوانێت بەگوڕ ڕابکات، هەروەها زۆر کۆمەڵایەتییە، ناوچە کراوەکانی پێ باشترە، کرم و مێروو و میوە دەخوات. چەند جۆرێکیان هەیە حەزیان لێیە لە ئاوەدانیدا بژین. ڕیشۆڵە ڕەنگیان ڕەشە و زۆربەی هێلانەکانیان لە کوندا دەبێت، هێلکەی شین یاخود سپی دەکەن. جۆرە گەورەکانیان پتر لە ٣٠ سانتیمەتر و کێشیشیان ٢٢٥ گرام دەبن. لە زستانان لە شوێنە ساردەکاندا دەژین و کە هاوینیش دێت هەر هێندەی گەرما بێت ڕەو دەکەن.

## سەگی قەوقازی

سەوسەن جاسم – کەرکووک



سەگی قەوقازی لە دەڤەرەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش و دەریای قەزویندا دەژێت، کە وڵاتانی ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان و داغستان و ئێران و تورکیا و ڕووسیا دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە سەگە لە سروشتێکی زەحمەتدا دەژێت دڕندەیە و بەزەحمەت ماڵی دەبێت، چونکە هەر لە ناو بەفردا ژیاوە و لەگەڵ گورگ و ورچ و ئاژەڵە دڕندەکاندا لە ململانێدا بووە. بۆیە شوانەکان بەباشی دەزانن بۆ پاسکردنی مەڕ و ماڵاتیان لە ئاژەڵە کێوییەکان. تەنانەت زۆر جار لەبەر بەرگەگرتنی کەش و هەوای سەخت لە سەربازیشدا بەکاریان هێناوە. بەگشتی کێشی لە ٤٥ – ٦٥کگم دەبێت. ڕەنگیان زۆرە. لەبەر ئەوەی لە کاتی وەڕیندا دەنگی زۆر بەرزە لە ماڵەکان ڕایان ناگرن. سەگیکە دڵی گورگ و جەستەی ورچی هەیە.

# قەڵەمە ناسکەکان

## شاری هەولێر

ئایڤەر شوان – هەولێر

هەولێر یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لاپەڕەی مێژوودا گەلێک شەپۆلی شەڕوشۆڕی بەسەردا هاتووە.
بۆ ناونانی هەولێر گەلێ قسە هەیە، بەلای هەندێکەوە (خۆرلێر)ە بووە، واتە شوێنی خۆپەرستی. لە شوێنەواری سۆمەر و ئەکەدەکانەوە، لە بناغەدا (ئەربائیلۆ) بووە، واتە شوێنی چوار خواکان، بەلای هەندێکی ترەوە هەر هەولێر بووە.
هەولێر بە درێژاییی ڕەوڕەوەی مێژوو کانگای زانست و زانیاری بووە. لە کۆچی ئارییەکانیشەوە جێگای کورد بووە تا ئەم ڕۆژە.



## ئاسمان

ڕێناس عەلی محەمەد – پۆلی حەوتەم
قوتابخانەی مەشخەڵان–سەید سادق



وەرن وەرن ئاهەنگە
لەم ئاسمانە بێ دەنگە
وەرن ئێوەش هەورەکان
لەگەڵ من بن هەمووتان
بباریێنە سەر زەوی
نم نم باران بە نەرمی
ئێوەش ئەستێرە گەشەکان
پرشنگداری کەن ئاسمان
دەدەی هەموو پێکەوە
ئاسمان بڕازێننەوە

## جووتیار

سورێن جوبرائیل

ئەی کاکی ماندوو
ئەی مرۆڤی بێ پشوو
زۆر خۆشە بەرهەمەکەت
پێشکەشی ئێمەی دەکەیت
تۆ ماندوو بوون نازانیت
لە هەوڵ و تێکۆشانیت
لەپێش ئەوەی خۆر دەرچێ
تۆ لە ماڵ دێیتە دەرێ
سوپاس بۆ تۆ ئەی کاکی جووتیار
منیش وەک تۆ دەکەم کار
بەڵام کاری من جیایە
کارم لە خوێندنایە



## کێ تاوەی تیفالی دروستکرد؟

کوێستان کاوێز– قەرەهەنجیر

تاوەی جۆری تیفال، ئەو تاوەیەیە کە خواردنی پێوە نانووسێت، بۆ یەکەمین جار لەلایەن هاوولاتییەکی ئەمەریکاییی بە ڕەگەز ئیتالیایی بە ناوی «ماریۆن ترۆتسۆلۆ» دروست کراوە، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکیدا هاتووەتە ئەمەریکا و لەوێ ژیاوە و هەر لەوێش هاوسەرگیریی کردووە و، حەوت منداڵی بووە.
ئەم داهێنانەی ترۆتسۆلۆ خزمەتێکی زۆری کەیبانووەکان و چێشتلێنەرانی چێشتخانەکانی کردووە، چونکە تاوەکە خواردنی پێوە نانووسێ و بە ئاسانی خاوێن دەکرێتەوە.
ترۆتسۆلۆ لە ٤ی ئابی ١٩٩٢ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا بە نەخۆشیی لۆکیمیا مردووە.





## لە ئەفسانەی گەلانەوە (٦)

نیاز نازم– قەرەنجیر

**بەپێی پێناسەی جان کۆکتۆ ئەفسانە، هونەری بەجێهێنانی ڕێککەوتەکانە، کە ئەوەندە زۆرن لە هەژمار نایێن، ئاژەڵ و درەخت و شتی جۆراوجۆر پاڵەوانی ئەفسانەکانن. هەندێکیان هێمای بەختەوەری و هەندێکی تریان هێمای نەگبەتین، بە هەر حاڵ ئەفسانە هەر ئەفسانەیە و هیچ پێوەندییەکی بە ڕاستییەوە نییە، بەڵام خەڵکانێکی زۆر تاکو ئێستا بڕوایان پێ دەکەن. ئەمانە نموونەی هەندێکیانن:**

ڕۆژانی یەکشەم: ڕۆژانی خێر و خۆشییە بەتایبەتی بۆ منداڵان، منداڵ لەو ڕۆژانەدا بەهەرەمەند دەبێ و ئەو شتانەی دەیخوێنێ زووتر لێی تێدەگات.
پەنجە: ئەگەر لەگەڵ هاورێیەکتدا پەنجەتان لە پەنجەی یەکتری ئاڵاند، ئەوا شەڕ و ناخۆشیتان لێ دوور دەکەوێتەوە، ئەگەریش پەنجەی یەکێکتان لەکاتی لێکئاڵاندنەکەدا تەقی، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە، ئەویتری زیاتر خۆشدەوێ.

## بەشی دووەم

ڕۆژگار دیار – چەمچەماڵ

١– داڤید هیۆم (١٧٢٤–١٨٠٤) ئەڵمانی.
٢– ئیمانوئێل کانت (ئەڵمانی).
٣– شوبنهاوەر (١٧٨٨–١٨٦٠) ئەڵمانی.
٤– کیرککارد (١٨١٣–١٨٥٥) ئینگلیزی.
٥– نیتشە (١٨٤٤–١٩٠٠)ئەڵمانی.
٦– جۆرج سانتیانا (١٨٦٣–١٩٥٢) ئیسپانی و ئەمەریکی.
٧– ڤینگشتاین (١٨٨٩–١٩١٥) نەمساوی.
٨– جان پۆل سارتەر (١٩٠٥–١٩٨٠) فەرەنسی.
٩– سیمۆن فیل (١٩٠٩–١٩٤٣) فەرەنسی.
١٠– ڕۆلان پارت (١٩١٥–١٩٨٠) فەرەنسی.
١١– میشال فۆکۆ (١٩٢٦–١٩٨٤) فەرەنسی.

## ئەو فەیلەسووفانەی بە ڕەبەنی سەریان ناتەوە



## شیر چۆن دەبێتە ماست؟

قادر قولەیی – کەرکووک

شیر پرۆتینێکی تێدایە پێی دەگوترێت (کازین) ئەو پرۆتینە ڕەنگی سپی دەداتە شیر، نرخە خۆراکییەکەشی زۆر بەرزە، لەبەر ئەوەی هەموو ترشە ئەمینییەکانی تێدایە کە لەش پێویستی پێیەتی.
کاتێک ماستی مەییو (هەوێن) دەکرێتە ناو شیرەوە لە هاویندا لە ماوەی چوار کاژێردا لە زستانیشدا لە ماوەی دوازدە کاژێردا دەبێت بە ماست. ماستیش لە ئەنجامی کارلێکی کیمیایی لەنێوان بەکتریای ترشی و کازین دروست دەبێت.
بەو جۆرە شیرەکە دەگۆڕێ بۆ ماست.

## ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە.

### ئەرجەنتین

کاروان سەعید – کەرکووک

ئیسپانییەکان ئەم ناوەیان لە وڵاتی ئەرجەنتین ناوە، کە ماناکەی «وڵاتی زیوە» ئەم ناوەشیان لەبەر ئەوە بووە کە کاتێک ئیسپانییەکان ئەم وڵاتەیان دۆزیوەتەوە، دانیشتووانی وڵاتەکە جلی زیوینیان لەبەردا بووە

## دەرمانخانەی گیایی

زیرەک حەمید – کەرکووک



زەنجەفیل: یەکێکە لەو ڕووەکانەی لە پێکهاتەی گەلێ لە دەرمانەکاندا هەیە و بۆ چارەسەری سوودی هەیە. گرینگترین ئەو مادانەی تێدا هەن بریتیین لە «جینجەرۆل» کە بۆ دەنگنووسان باشە هەروەها بۆ نەخۆشییەکانی سنگ و، دەشێ بکرێتە ناو شۆربا یان وەک خواردنەوەیەکی گەرم لە زستاندا بەکار بهێنرێ.





## چۆن خۆت لە ژەهراوییبوون دەپارێزی؟

ئازاد جەبار – کەرکووک

پسپۆرانی بواری ژەهراوییبوون دەڵێن ژمارەیەکی زۆر ژەهر هەن کە ڕەنگە مرۆڤ پەرێشان بکەن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بەم ڕێگەیانە خۆیانی لێ بپارێزێ:

دەرمانە ژەهراوییەکان و قرکەرەکانی مێروو لە شوێنێکی پارێزراو قایم بکات. دەرمان و نەوت و بەنزین و تەنەر لەو شوێنانە دانەنرێن کە دەستی منداڵیان دەگاتێ. مادەی ژەهراوی نابێ بکرێتە ناو پیاڵە و پەرداخ و بوتڵی خواردنەوەکان. لەکاتی ژەهررشتن و بۆیەکردندا پێویستە دەستکێشی ئەستوور بکەینە دەستمان.

پاشماوەی مادە ژەهراوییەکان بڕێژە ناو بیری پیسی. پێویستە هەوای ناندین و گەرماو لە ماڵەکاندا بەباشی ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ.

## نەشتەرگەریی ڕیخۆڵە کوێرە لە زۆربەی جاران پێویست نییە

حسێن حەمەساڵح – تەقتەق

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەری خستووە، دوو لە سێی نەشتەرگەرییەکانی لابردنی ڕیخۆڵە کوێرەی هەوکردوو پێویست نین و، حەبی دژەتەن (ئەنتیبایۆتیک) لە هەر سێ نەخۆشێکدا، دووانیان چارەسەر دەکا.

لە هەندێک نەخۆشدا کە ڕیخۆڵە کوێرەیان ئاڵۆزیی تێ نەکەوتووە و هێشتا تەواو هەوی نەکردووە و کونی تێ نەبووە، حەبی دژەتەن گونجاوە بۆ چارەسەری.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ٩٠٠ کەسی تووشبوو بەهەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرە ئەنجام دراوە.





## هەڵیبێنە

- هەموو شتێکی بەژێردا دەڕوا .
- هەزار سوار لەبەر یەک سوار دەلەرزن.
- هەموو شتێک دەبینێ خۆی نەبێت.
- هەتا لێژی نەکەیتەوە پڕ نابێت.
- هەمووان هەیانە و جێگەش ناگرێ.

## پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد – ئازادی



## ئایا دەزانی؟

- داڵ دەتوانێ ٤٠ کیلۆمەتر بەرەو ئاسمان بڵند بێتەوە
- هەڵۆ ٧٠ ساڵ تەمەن دەکا.
- شاهەنگ ٣ ساڵ دەژێت.
- زیاتر لە ١٢٠٠ جۆر پەپوولە هەیە.
- سمێڵی پشیلە ٦ تاڵە.



## پەندی بەرینان

**بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە**

**درۆ، شین، گوێز، ئەسپ، کاشان.**

- ........... لەسەر سکی بشکێنە.
- گیا لەسەر بنجی خۆی........ دەبێ.
- لە ...... دادەبەزێ سواری کەر دەبێ.
- لە پاش مردوو....... دەکرێ.
- مردووی ئەسفەهان نابرێنە.......



## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

یاد کەمال – سلێمانی

کەی شۆڕشـــی برایم خانی دەلــۆ دژی ئینگلیز هەڵگیرسا؟

– ١٩٢٠ /٨/٢٢

– ١٩٣٠ /٨/٢٢

– ١٩٤٠ /٨/٢٢

کۆچی دوایی بارزانیی نەمــر لە چ مێژوویەکدا بوو؟

– ١٩٧٩/٣/١

– ١٩٧٨/٣/١

– ١٩٧٧/٣/١

کەی شێخ مەحموود بوو بە مەلیکی کوردستان؟

– ١٩٢٢/١١/١٨

– ١٩٣٢/١١/١٨

– ١٩٤٢/١١/١٨

قــازی محەمەد کەی بوو بە ســەرۆک کۆماری کوردستان؟

– ١٩٤٦/٢/١١

– ١٩٥٦/٢/١١

– ١٩٦٦/٢/١١

## بمرەنگێنە

نەجات شوانی – کەرکووک



## پلەی سفری پەتی چییە؟

مەزن کاوێس – کەرکووک

پلەی سفری پەتی کە بەرانبەر ٢٧٣,١٥ پلەی ژێر سفری سەدی و ٤٥٩,٦٧ پلەی ژێر سفری فەهرەنهایتە.

ئــەم پلــە گەرمییەش ئەوەنــدە نزمە کە نە لە بەســتەڵەکی باکــور و نە لە بەستەڵەکی باشــووری گۆی زەوی و نە لە سیبیریاشدا هەیە. واتە نزمترین پلەی گەرمیی تیۆرییە و زانایان لەسەری ڕێککەوتوون.

زانایان لە تاقیگەکاندا زۆر هەوڵیان داوە بگەنە ئەم پلە نزمە، بەڵام هەوڵەکانیان بێهوودە بووە هەرچەندە نزیک بوونەتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە بگەنە ئەو پلەیە.

## ڕامان

نەشمیل یاسین-چەمچەماڵ

ژمارەی نادیار بدۆزەرەوە






## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



## من چیم؟

بێخال نوورەدین – کەلار

گیانداریکی شیردەری گیاخۆرم، درێژیی لەشم ٤ پێ و درێژیی کلکم ٣ پێ دەبێت، کلکم زۆر بەهێزە، لاقەکانم درێژ و دەســتەکانم کورتن. دەتوانم لەســەر قۆڵ و کلکم دابنیشــم دوو چاوی خڕ و گەورەم هەن. توانای بازدانی زۆرم هەیــە و هەر بازێکم ١٥ پــێ دەبێت، بێچووەکەم لەناو تورەکەیەکدا لەبەر سکم هەڵدەگرم. هەر لەوێوە شیر دەخوات تا گەورە دەبێت.

## ئەم پیتانە بگەیەنە

باوکی راڤین – ڕەحیماوە



## چاوتیژی

شیلان بەکر – ڕەحیماوە



جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە چی تێدا دەبینی تۆماریان بکە، پاشان لە دوورەوە تەماشایەکی تری وێنەکە بکەوە و بزانە ئەم جارە چی دەبینی؟

## ڕێکخستن

وریا ناسیح–ئاغجەلەر

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| س | ە | و | س | ك | ێ |

ئەم پیتانە ڕێکخە ناوی فڕندەیەکی تیژەوت بۆ دەردەچێت.

## وێستگەی ئارامی

رەوا عوسمان – کەرکوک

١- ناوی کوڕێک لە پێنج پیت پێک هاتـــووە، دوو پیتی یەکەمی لابەی ناوی مەلێکی گۆشت خۆری لێ دەردەچێ.

٢- ناوی کچێک لە ســێ پیــت پێکهاتووە، یەک پیتی لابەی نۆ دەمێنێ.

٣- نـــاوی خواردنێک لە پێنج پیــت پێکهاتووە، دوو پیتی کۆتایی لابەی، کونێ دەبینێ.

## ئەم وێنەیە تەواو بکە

نەجات کەرکووکی – کەرکووک



## شیکاری

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 2 | + | 5 |
| | = | 2 | - | 9 |
| | = | 1 | - | 3 |
| | = | 5 | + | 8 |
| | = | 4 | + | 4 |
| | = | 9 | + | 6 |
| | = | 7 | - | 15 |
| | = | 2 | + | 2 |

| | | |
|---|---|---|
| 15 | = | م |
| 8 | = | ا |
| 2 | = | و |
| 7 | = | ە |
| 13 | = | ر |
| 4 | = | ن |

تانیا وەلی – چەمچەماڵ

ناوی ناوچەیەکی زۆر جوانی کوردستانە، پاش شیکارکردن دەزانی کوێیە

## پەیڤی نەگونجاو

گۆنا خەسرەو – شێراوە

– سێو، قەیسی، هەنار، هەڵوژە، مێوژ

– ئەحمەد، هیوا، محەمەد، کەریم، عوسمان، عەلی

– ئەحمـــەد ســالار، شـــەماڵی عەبـــەڕەش، عەلـــی کەریم، ئیسماعیل خەیات، جیهاد دڵپاک

– محەمەد موکـــری، زاهیر رۆژبەیانی، هـــەژار موکریانی، هێمن موکریانی، عەتا نەهایی.

– سوێسکە، پۆڕ، شەمشەمەکوێرە، کەو، کۆتر.

## بمگەیەنە

نیاز شوانی – کەرووک



## شرۆقە

شلێر کەماڵ – کفری

کوڕی دشی دایکت چیی باوکتە



## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣ مەتەڵ : کەرکووک

ل٣٠ ڕامان : ٢٧_٢٣

ل٣١ من چیم : کوندەپەپوو .
ڕێکخستن : شەماڵ .

ل٣٢ شیکاری : سوێسکە .

ل٣٣ شرۆڤە : باوکتە .

ل٣٤ شـقارتە : تەڵێـک لـە کۆیەکـە دەخەیتـە نـاو سفرەکەوە دەبێت ٥٨-٣٠=١٢.
گەیاندن :باوەگوڕگوڕ.

ل٣٦ کوێرکردنەوە : میدیا .
وشەی بزر : خاوێ .

ل٣٧ خەڵات : پیلووی نییە .

ل٣٨ بیـرکاری : تێکـڕای خێرایـی یەکسـانە بـە کۆی هـەردوو خێرایـی دابـەش دوو و، دەکاتە ( ٤٩ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا).

## وێنەی لەتکراو

نیاز نوزاد – کەرکووک



# یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر - ئازادی

جێگۆڕکێ بە یەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە پەنجا



60-90=50




# هێماکانی هاتوچۆ

دلێر کامەران - کەرکووک

# گەیاندن

ئەم هێڵانە بگەیەنە باڵندەیەکت بۆ دەردەچێت بەقەدەر کۆترێک دەبێت کلکی ڕەش و باڵەکەی هێڵی ڕەش و شین و سپی پێوەیە، هەمیشە دەنگی دێت و لە چەم و ڕووبار و نزیک درەختدا دەژی میوە و گۆشتی گیاندارە چکۆڵەکان دەخوات.




تریفە عەبدولقادر - کەسنەزان








پروشە جەبار - سلێمانی





# جێگۆڕکێ

خونچە عەبدل - دارەتوو

جێگۆڕکێ بە دوو ژمارە بکە تا بە ستوونی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 1 | 4 | 3 | 2 | 6 |
| 3 | 6 | 2 | 4 | 1 | 4 |
| 2 | 4 | 1 | 6 | 5 | 3 |
| 6 | 5 | 3 | 2 | 4 | 1 |
| 3 | 5 | 5 | 1 | 6 | 2 |
| 1 | 2 | 6 | 5 | 3 | 4 |

# ئاوێنە

دینا دیار - کەرکووک



# نیشانەی هەڵە یان ڕاست

## لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

ئاسۆس عوسمان - قەڵادزێ

- مەستوورە خانمی مێژوونووسی کورد خەڵکی سنەیە.
- باشووری کوردستان ساڵی ١٩٢٥ لکێنرا بە عێراقەوە.
- عادیلە خانم ژنی وەسمان پاشای جاف بوو.
- خۆشەویستەکەی نالی شاعیر ناوی حەپسە بوو.
- لۆس ئەنجلوس بە مانای شاری فریشتەکان دێت.
- زەیتون هێمای ئاشتی و ئاوەدانییە.
- مووی سەر، مانگانە یەک سانتیمەتر درێژ دەبێت.

# سێبەر

دیار - کەرکووک

سێبەری ئەم پزیشکە تۆڕەیە ونبووە، دەتوانیت بیدۆزیتەوە؟





# کوێرکردنەوە

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ل | ر | ك | ش | ه | م | ی | وو | ن | ێ | م |
| س | ل | و | گ | ش | ه | م | ی | وو | گ | ێ | م |
| ه | ك | ر | گ | س | ه | م | ی | وو | ا | ڵ | م |

پـاش ئەوەی پیتی ئـەم گیاندارانەی لای خوارەوە کوێر دەکەیتـەوە: ( مەیموون، مشک، مێروولە، مێشوولە، ماسی، گورگ، کیسەڵ )

فەرمان نەریمان – تاسلوجە

گیاندارێکت بۆ دەمێنێتەوە لە دوو پیتان پێکهاتووە بە لاشە زۆر گەورەیە.



## هونەری دەست

شەماڵ شوکور
کەرکووک

## وشەی بزر

پیتەکانی ئەم وشانەی خوارەوە بسڕەوە، شارێکی کوردستانی ئێرانت بۆ دەردەچێت:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | و | ك | ر | ه | س | و | ه | ك |
| ا | ك | ڤ | ی | ژ | ه | ك | د | ك |
| ش | ا | ژ | س | ك | ن | ت | ی | و |
| ا | ز | م | ر | ا | ك | ك | ر | ێ |
| ن | ی | ا | ا | ن | ی | ی | ا | س |
| ا | و | ن | و | ی | ژ | ڤ | ن | ت |
| ر | ه | ا | ێ | ا | ه | ا | ه | ا |
| ا | ا | ر | ك | و | ك | ر | ك | ن |
| ك | ا | ی | ن | ڤ | د | ر | و | ك |

کەوسەر، کوێستان، کەناری، کەژی، کاشان، کارا، کازیوە، کوردۆنیا، کۆژمـان، کیڤار، کەژی، کانیاو، کێوار.

داستان محەمەد-چەمچەماڵ



# خەڵات

دوا دەلیقە ٥/٢٥

دایکی کانی سێ منداڵی هەیە کۆڤان، کۆژان، ئەوی دی ناوی چییە ؟

ڤالا نووری – هەولێر



## گوتەی نێوداران

- ژیان بەبێ هاورێ ناتەواوە — دانتی
- چاوەڕێی شادیش هەر شادییە — ج. لیسینگ
- هیوا نانی ڕۆژانەی هەژارانە — هەمەرشۆلد
- ژیان گوڵە خۆشەویستی شیلەی گوڵەکەیە — ڤیکتۆر هۆکۆ
- لە شەڕ و خۆشەویستیدا هەموو شتێک ڕەوا دەبێت — فرانکلین

## ئەمانە بزانە

- حوشتر لە بۆرییەکانی چواردەوری گەدە ئاو ئەمبار دەکات.
- جاڵجاڵۆکە ماوەی یەک ساڵ دەتوانێ بێ ئاو بژیێت.
- هەستی بۆن لە سەگدا هەزار ئەوەندەی مرۆە.
- ماوەی سکپری شێر ١٠٨ ڕۆژە.
- کێچ ١٠٠ ئەوەندەی خۆی باز دەدات.
- ٤١٢ جۆر مار هەیە ٢٠٠ ی ژاراوین.
- هند دەوڵەمەندترین وڵاتە لە بزن.
- کێشی فیلی ئەفریقی دەگاتە ٦ تەن.

سەوسەن ئیسماعیل-حاجیاوە

## سۆدۆکۆ

هیوا عەلی-چەمچەماڵ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | 5 | 3 | | | |
| 6 | | 4 | | 1 | |
| | | | 5 | | 3 |
| 4 | | 5 | | | |
| | 1 | | 4 | | 2 |
| | | 6 | 5 | | |

تۆڕی سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە ( ١-٦ ) پڕبکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ڕیزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## ماتماتیک

ژیر ئاوڕەحمان – سلێمانی

پیاوێک بە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە شـــارێکەوە بۆ شارێک دەچوو و، ڕێگەکە هەمـــووی هەوراز بوو و، بـــە خێراییی ٢٨ کیلۆمەتر لە یەک ســـەعاتدا دەڕۆیـــی، ماوەی نێوان هەردوو شـــارەکە ٤٠ کیلۆمەتـــر بوو. لە کاتی گەڕانەوەیدا و لەبەرئەوەی ڕێگەکەی نشـــێوە، بە خێراییی ٧٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەڕۆیشت.

ئایا تێکرای خێراییی ئەو پیاوە بۆ هەردوو ســـەر، ڕۆیشـــتن و هاتنەوە، چەندە؟

## بیرکاری

سامان تاهیر–کەرکووک

درێژیی بنکەی سێگۆشەیەک چەندە، ئەگەر ڕووبەرەکەی ٧٢٩ مەتر و بەرزییەکەی ٢٧ مەترە؟



## وەڵامی ژمارەی پێشوو

| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ | ا | ر | و | و |  | | | | |
| 2 | ی | ا | س | ی | ن | | | | | |
| 3 | ر | ا | | س | | | | | | |
| 4 | ه | | ه | ن | س | | | | | |
| 5 | م | ا | م | و | س | ت | ا | | ن | ب |
| 6 | ی | م | ا | ب | | ا | | د | ا | ی |
| 7 | ر | ی | خ | ه | ا | | پ | ی | ر | س |
| 8 | د | س | | | و | ك | ه | ل | ی | ت |
| 9 | | | ك | و | | و | س | | ه | ا |
| 10 | چ | و | پ | ی | ف | ه | ت | ا | ح | ن |

## پڕکردنەوە

ڤانیار نەجمەدین – چۆمان

شوێنە بەتاڵەکان بەنێوی گیاندارێک پڕ بکەرەوە.

– وەکو..........ئازایە.
– وەکو......... فێڵبازە.
– وەکو.......... گێژە.
– وەکو........ شوومە.
– وەکو.......... سپڵەیە.
– وەکو.......... خاوە.
– وەکو........ بەوەفایە.
– وەکو...... بەجەرگە.
– وەکو..... چەمووشە.
– وەکو.......... لاسارە.
– وەکو.........ڕەنگینە.
– وەکو........ ناشیرینە.

گورگ، چۆلەکە، کوندەپەپوو، ڕێوی، مەیموون، کیسەڵ، سەگ، هێستر، شێر، قەلەموون، پشیلە، تاووس.





## گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم مانگە

### ئایار

نەوزاد سابیر– کەرکووک

• ١ی ئایار جەژنی کرێکارانی جیهان لـــە ئەنجامی ڕاپەڕینی کرێکارانی شیکاگۆ، کە هەموو ساڵێک یادی دەکەنەوە.
• ٤ی ئایار لەسێدارەدانی لەیلا قاسم لەلایەن حکوومەتی عێراق.
• ٧ی ئایار ڕۆژی کۆچی دوایی قانعی شاعیر.
• ٢٠ی ئایار ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بەسەرکردایەتیی شێخ مەحموود.
• ٢٤ی ئایار هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.
• ٢٦ی ئایار ڕۆژی لەدایک بوونی شاعیر و ئەدیبی ڕووسیایی(پۆشکین).
• ٣١ی ئایار ڕێکخراوی مافی مرۆڤ یەشار کەماڵی خەڵات کرد.

## بیدۆزەوە

ڕەوا عوسمان – کەرکووک

ناوی نیشـــتیمانێکە لە هەشـــت پیـــت پێکهاتووە ئایا دەتوانی لە ڕێی ژمارەی پیتەکانیەوە ناوی ڕاستەقینەی وڵاتەکە بدۆزیتەوە ؟ ....

٨+٧+٢= ناو
٥+٢+٣=سور
٤+٧+٣=دار
٥+٨+٢+٣=سنور

## دەست ڕەنگینی

لەرین شەماڵ – سلێمانی






خاوەنی ئیمتیاز : بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار : عوف عبدالرحمن
سەرنووسیار : حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com

جێگری سەرنووسیار : نەبەز ڕۆستەم
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
پەروەر
تایپ : دلێر رەفیق

ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری